# یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی رزگاریخوازیی بزووتنەوەی کورد

بەپێی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستانی عێراق سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانیی عێراق ئەم یاسایەی دەرکرد:

## یاسای ژمارە«٢»ی ساڵی/١٩٩٢
## هەڵبژاردنی سەرکردەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد

### بەشی یەکەم:
### حوکمە گشتی یەکان

**ماددەی یەکەم:**

گەلی کوردستانی عێراق بەڕاداني گشتی ونهێنیی راستەوخۆ سەرکردەیەک بۆ بزووتنەوە رزگاریخوازییەکەی هەڵدەبژێرێ کە نوێنەرایەتیی دەکاو لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا بەناویەوە دەدوێ.

**ماددەی دووەم:**

ماوەی فەرمانڕەوایی سەرکردە چوارساڵ دەبێ.

**ماددەی سێ یەم:**

رادان لە کاتی هەڵبژردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیدا دەکرێ وهێندەی پەیوەندیی بە دەنگدان وجوداکردنەوەی دەنگەکان وراگەیاندنی ئەنجامەوە هەبێ وکە لەگەڵ حوکمی ئەم یاسایەدا ناکۆک نەبن، حوکمی بەشی هەشتەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-ژمارە (١)ی ساڵی/١٩٩٢بەکار دەخرێ.

**ماددەی چوارەم:**

ئەنجوومەنیی نیشتمانیی مووچەی سەرکردە بە یاسایەک دیاری دەکا.

### بەشی دووەم:
### مەرجەکانی پاڵێوراو ودەنگدەر

**ماددەی پێنجەم:**

پاڵێوراو دەبێ ئەم مەرجانەی تێدابن:

١-تەمەنی لەکاتی هەڵبژاردندا لە چل ساڵ کەمتر نەبێ.

٢-هاووڵاتیی کوردستانی عێراق بێ وتێیدا نیشتەجێ بێ.

٣-هەموو مافێکی مەدەنی وسیاسی هەبێ.

**ماددەی شەشەم:**
دەنگدەر دەبێ ئەو مەرجانەی تێدا هەبن کەلە ماددەکانی «١٩و ٢٠»ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی ژمارە(١)ی سالی/١٩٩٢دا دیاری کراوون.

## بەشی سێیەم:
## پالاوتن و هەلبژاردن

**ماددەی حەوتەم:**
١-داوای خۆ پالاوتن پێشکەش بە دەستەی بالای سەر پەرشتکاری هەلبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەدرێ وەدەبێ بەلایەنی کەمەوە لەپانزە رۆژ پێش کاتی دەسپێکردنی یەوە بێ.
٢-دەستە دەبێ لە ماوەی دوو رۆژدا لە رۆژی پێشکەش کردنەوە بریاری خۆی سەبارەت بە داوای خۆ پالاوتنەکە بدا.
٣-پالێوراو بۆی هەیە بریاری پەسندنەکردنی داواکەی لەلای دادگای«استئناف»ی کوردستان بەسیفەتی تەمیزی لە ماوەی دوو رۆژدا بەرپەرچ بداتەوە.
٤-دادگا دوابریار لەسەر بەرپەرچدانەوەکە دەردەکاو لەماوەی دوو رۆژدا لە رۆژی پێشکەش کردنی یەوە ئاشکرای دەکاو پالێوراو لەرۆژی دەرچوونی یەوە بە پێزان«مبلغ»دادەنرێ.
٥-دەستەی بالا بەلایەنی کەمەوە پێش حەوت رۆژ لەکاتی هەلبژاردنەوە ناوی پالێوراوان رادەگەیەنێ.

**ماددەی هەشتەم:**
ئەوەی لە هەلبژاردندا زۆرەی موتلەقی دەنگی رادەرانی وەدەست هێنا بەسەرکەوتوو دادەنرێ.

## بەشی چوارەم:
## ئەرکو دەسەلاتەکانی سەرکردە.

**ماددەی نۆیەم:**
سەرکردە پێش ئەوەی دەست بەکارەکانی بکا لەبەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستاندا ئەم سوێندە دەخوا:
**«بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دلسۆزی یەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە سەروەریی یاساو پەیرەوی ناوخۆ بگرم وبەرژەوەندی یەکانی گەل رەچاوبکەم وبێ جیاوازی مافی رۆلەکانی بپارێزم وگوێ رایەلی ئەو پەیوەندییە بم کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی لە گەل دەسەلاتی ناوەندیدا بریاری لەسەر دەدا».**

## پەیوەندی سەرکردە بە دەسەلاتی یاسادانەرەوە

**ماددەی دەیەم:**
١-بانگ کردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بۆ کۆبوونەوە لە خولە ئاسایی و نائاساییەکانیدا.
٢-مۆر کردنی ئەو رێکەوتننامانەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بریاریان لە سەر

دەدا.

٣-دەرکردنی ئەو یاساو پەیڕەوانەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی ڕەزامەندی لەسەر پیشان داوە.

٤-دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان تێدایە لە ماوەی پشووی ئەنجوومەنی نیشتمانیدا یا لە بارودۆخی ناکاودا بە مەرجێ هەرکاتێ ئەنجوومەن کۆبووەوە بۆ بڕیاردان پێش چاو بخرێن.

٥-پێشنیاز کردنی پرۆژەی یاساکان.

٦-بانگ کردن بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بە پێی یاسا لە ماوەی پانزدە ڕۆژدا لەڕۆژی تەواو بوونی ماوەی ئەنجوومەنەوە یا دەرکردنی بڕیاری خۆ هەڵوەشاندنەوەی.

**ماددەی یانزدەیەم:**

١-دەرکردنی فەرمانی سپاردنی پێکهێنانی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن بەو کەسەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەسنیشانی کردووە.

٢-دەرکردنی فەرمانی پێکهێنانی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن دوای باوەڕ پێدانی لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی یەوە.

٣-دەرکردنی فەرمانی دامەزراندن ولادانی خاوەنانی پلەی تایبەتی وموچە خۆرەگەورەکان وقبوولکردنی وازهێنانیان لە سەر پێشنیازکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان .

٤-هەڵبژاردنی راوێژکارانی خۆی ودامەزراندن ولادانیان.

٥-فەرماندان بەجێ بەجێ کردنی حووکمی ئیعدام یا سووک کردنی.

٦-بە هاوبەشی لە گەڵ دەسەڵاتی جێ بەجێ کردندا،سیاسەتی گشتیی کوردستانی عێراق دادەنێ.

**ماددەی دوازدەیەم:**

فەرماندەی گشتیی هەموو هێزە چەکدارەکانی کوردستانی عێراقە.

**ماددەی سێزدەیەم:**

ئەگەر سەرکردە لەبەر هەر هۆیەک بێ ئامادەی بەجێ گەیاندنی کارەکەی نەبوو سەرۆکی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن جێگەی دەگەرێتەوە.

**ماددەی چواردەیەم:**

ئەگەر جێگەی سەرکردە لەبەر هەر هۆیەک بێ چۆڵ بوو سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی تا هەڵبژاردنی سەرکردەیەکی نوێ لە ماوەی دوو مانگی چۆڵ بوونەکەدا ئەرکەکانی بەجێ دێنێ.

**ماددەی پانزدەیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانیدا بڵاو دەکرێتەوەو لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەیەوە کاری پێ دەکرێ.